کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-5-2007 21:33بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نیشتمانێکی تاریک و بیابانێکی ئۆقرە لەبەرهەڵگیراو... !!. م. حەمید عەزیز

نیشتمانێکی تاریک یان بیابانێکی ئۆقرە لەبەرهەڵگیراو هەم ووتارو هەم هۆنراوەو هەم چیرۆکە دنیای ڕۆمانێکی مەزنە.. مەزن لە ترس و دڵەڕاوکێ مەزن لە خوای بێ نموونەیی غەدرو دنیای داپڵۆسینی جوانی وگەورەیی و پیرۆزیی مرۆڤ مەزن لە تاوانی داپۆشین و ڕووت بوونەوە سەرکووت کردن و شۆرینەوەی هۆشی ئادەمیزاد بابەتێکی تاڵ لەگێڕانەوەی داستانێکی غەدرو کتێبێک لەچەقۆکانی مەرگ و سەربڕینی پەپوولەو مەلایکەتەکان مێژوویەکی تاڵ لە گەورەیدا لە گرنگیدا گرنگی بەهیچ گرنگی بەچەوتی گرنگی بە هەنگاوە حەرامەکان بە مرۆڤ کووشتن. نیشتمانی ئۆقرە لەبەر هەڵگیراو بابەت و نووسراوێکە فەلسەفەی دەربڕین و زانینی چۆنێتی سوکایەتی کردنە بەمرۆڤ فەلسەفەی بێ نرخاندن و بێ ڕێزی یە بە مرۆڤایەتی و هەموو بوونەوەرەکانی سەرزەوی. نیشتمانی ئۆقرە لەبەرهەڵگیران ئاسمانێکی تاریکە لە تێڕوانینەکانی دوێنێ و ئەمڕۆو سبەینێی کلتورو ئاین و خووڕەوشتی نارێکی بەزۆر سەپاوی ناو هۆشی ووڵات و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتە بەگشتی و کوردستانە بەتایبەتی. ئیدی ئەمە سەرگووزەشتەی مەملەکەتێکی خوێناوی یە هەزارو یەک چیرۆک و بەسەرهاتی سەرسوڕهێنەری تێدایە. ئەم پەخشان و نمایشە شانۆیەکی ڕەشە لە چەقی خاکێکی ووشک و بێ ئاودا بەخواری گەورە بووە ئادەمیزادەکانی هەموو چڵکن و ڕیش درێژو بۆندارن. ئەم مەملەکەتە مەملەکەتێکی سەیرە هەموو شتێکی ئاسایی تێدا یاساغەو یاساغەکانیش ئاساییین.. یاساغە یاساغ جاچی یاساغ نی یە؟. عەشق یاساغە جوانی یاساغە مێینەیی یاساغە فێنک بوونەوە یاساغە هەموو مێینەکان لەگەرمادان ئەگەر ڕۆژێ گەرمی هەتاو پیاوانی هەراسان کرد بۆیان هەیە تەواو خۆیان داماڵن لەوەی لەبەرییانە بۆیان هەیە مەلە بکەن لەهەموو ئاوێکدا بۆیان هەیە هەموو شتێک بکەن تا فێنکییان دەبێتەوە بەڵام ژنان دەبێ گەرمایان بێت چونکە ڕووت بوونەوە و داپۆشین بێ دەنگی و گفتوگۆ یاری و پێکەنین و ژیان هەموو کردارە خۆشەکان حەرامن بۆ ژنان بەڵام پیاوان تەنانەت میز کردن لەسەر جادە خۆ ڕووتکردنەوە لەجێگا گشتییەکان درۆکردن بەئاشکرا پیاو کووشتن بەڕۆژی نیوەڕۆ دزی کردن بە ئازایەتی لەقەڵەمدان هەموو شتێکی خۆش و ناخۆش حەڵاڵە. سەیرە ئەمە نیشتمانێکی سەیرو سەمەرەیە هەموو کردارە جوان و ناشرینەکان تەنها بۆ پیاوانە بۆنمونە.. جەنگ و شایی و خۆشی و دەسەڵات و.. هتد. هەمووی پیاوانە کەچی بۆ ئافرەت یان ژنان نەک ئەو کردەوانەی سەرەوە یاساغە بەڵکو دەبێ چاوەکانیان، گوێکانیان، سەریان، لەشیان هەمووی داپۆشرێ چونکە ئەوان وەکو پیاوان نین لاوازن (زەعیفەن) قێزەونترین ووشە ووشەی زەعیفەیە تەنها لای پیاوانی فسفس پاڵەوان و ناحاڵی ئەم ووشەیە جێی خۆیەتی و جوانە چونکە گەورەیی و بەهێزی خۆیانی تێدا دەبیننەوە. ئەمەیە بیروهۆشی هۆز پەرستی و تیرە گەری و دوواکەوتنی خێڵ لەهەموو بووارەکانی ژیاندا. ئەو داستانە ئەفساناوی یە هێند غەریبە ئەوەندە جێی سەرسوڕمانە لەهیچ جێ یەکی ئەم دنیایە ناچێت سەیرە ئەم چیرۆکە وەکو (گۆرەوی پیاوان) وایە لەو مەملەکەتەی تەنها زمانی گفتوگۆو لێک حاڵی بوون نی یە و هەموو شتێک عەیب و حەرامە منداڵیش بەدەنگی بەرز گۆرەوی نێرینە دەفرۆشێ بەشانازی یەوە هاوار دەکات گۆرەوی پیاوان (یەڵڵا گۆرەوی پیاوان) کەچی هەر هەمان منداڵی گۆرەوی فرۆش لەڕووی نایەت گۆرەوی ژنان بفرۆشێ و هاواری بۆ بکات.. !. من نەمووت نیشتمانێکی سەیرو سەمەرەیە؟. ئێستا سەیرتر دەخوێنیتەوە لەوەش داماویترو ناخۆشتر ئەوەیە ژن خۆی ڕەگەزی مێینەیە کەچی لەکاتی منداڵ بوونیدا لە خوداوەند دەپاڕێتەوە کە کوڕی پێبدات. سەیرە پیاوەکانیش لە ژنان خراپترن هەموویان کوڕیان دەوێ بەڵام لەوە سەیرتر جاری واهەیە کوڕەکە دەبێتە ملۆزم بۆ دایک و باوکی و دەبێتە پیاو کوژو ترسنۆک و خۆفرۆش بەڵام کچەکە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سوود مەندو باش دەبێت بۆ میللەتەکەی. دایکێکی بەساڵاچووی ئەو مەملەکەتە ناوی باجی عەتێ یە بۆ دۆستێکی خۆی گێڕابوویەوەو ووتبووی: (کە خوا شیرینێ داینێ ئەو ساڵە ساڵی 1963 بوو ساڵی مەنعە تەجەوولەکە بوو باوکی شیرین خوا عەفوی کات لەو ساڵەدا لەگەڵ چەند هاوڕێی خۆیدا بەدەستی حکومەتی عێراقی خوێن ڕێژی ئەوسا گوولە باران کران، لەو ساڵەدا و لەڕۆژی مەنعەتەجەولەکە (قەدەغەی هاتووچۆ) بەخوا زۆرمان پێناخۆش بوو کە خوا کچێکی داوینێ و هەموو دەم و لووتمان دابوو بەیەکداو بێتاقەت بووین کەچی ئێستا شیرین گیان پزیشکەو هەر ئەو بەخێومان دەکات و بۆ ئێمە سەد کوڕ دەهێنێ) . سەیرە من ووتم سەیر ئەبینی کەچی وابوو دەسەیری ئەمە بکە لەوە سەیرترە.. ژنێک ئەزانێ پیاوێک خێزاندارەو ژنی هەیە کەچی حەزی لێدەکات و دوواییش شوی پێدەکات بێ ئەوەی گوێ بداتە هەستی ئەو ژنە.. !. وەکو پیاو براِبێ لەسەر زەوی. لەهەندێ شوێنی ئەم مەملەکەتە سەیرو سەمەرەیە ژنان دووای پیاوان نان دەخۆن.. !. یان ئەگەر ماڵ میوانی بۆهات نابێ ژنان دانیشن تەنها بۆیان هەیە خواردن و خواردنەوە بهێنن بۆ میوانەکە ئەویش لەچەقی دەرگاکە دەبێ بووەستن شتومەکەکەیان لێ وەردەگرن بۆ ئەوەی نەیەنە ژورەوە.. !. نەبا میوانەکان ژنەکان ببینن کەواتە ئەم ژنانە ناچنە دەرەوە قەد بۆ ماڵێ بۆ بازاڕێ خۆ دەبێ تامردن ئەم ژنانە کەس نەیان بینێ؟. یان ئەو خێزان و ژنانەن کە بەپەچەوە دێنە دەرێ پەچەی ڕەش کەکەس نازانێ چ دەموچاوێکە لەودیو پەچەوە خۆ پیاویش بێت هەروادەزانی ژنە. ئەم نیشتمانی بێزاری و زیندانەگەورەیە هەزارو یەک بەزمی سەرسوڕهێنەری تێدایە ئەم نیشتمانی چیرۆکە کەپرە لەبەزمی ناسروشتی چونکە لە کۆنەوە بەخوێنەوە گرتوویانە و چیرۆکی جەنگەڵستانیان زۆر لەلایە پرە لەدڕندەو مرۆڤ خۆرو مرۆڤ کووژ سەیرە مانگە شەوەکانیشیان تاریکە تاریک ئەو گوندانەی دەکەونە قەراخ دەریاکان تەنها پیاوان مەلەوانن بۆیان هەیە خۆیان ڕووت بکەنەوەو مەلە بکەن بۆ ئافرەتان مەلە کردن حەرامە یاساغە کەچی کەتاریک دادێت زووڵم دەبارێ لەو مەملەکەتە سوورە هەموو شتێک بەئاشکرا عەیبە کەچی بەنهێنی هەموو عەیبەکان حەڵاڵن کردارە حەرامەکانیش بەشەرعی دەبن. سەیرە بەئاشکرا درۆ دەکەین بەئاشکرا پیاو دەکوژین کەچی بەنهێنی ماچ دەکەین بەنهێنی خۆشەویستی دەکەین.. !. ئەم باخی بێبەرە پەلەوەریشی تێدا ناژی باڵندەو ئاژەڵان کۆچ دەکەن لەم بیابانی ووشکەڵاتووی نەگریسەدا پیاوەکان بێکارن ئاژەڵ پەلەوەر گیاندار هەموو بوونەوەرێک دەکووژن تەنانەت منداڵەکانیشیان بەداروڵاستیکی دەستیان باڵندەکان ڕاو دەکەن و ڕاو دەنێن. ئەم وێرانەیە خاوەنی نی یە ئەوەی کە تێیدا نی یە یاسایە ((هەرکەس بۆخۆی)) جوانترین هێمایە. من ووتم ئەم جەنجاڵی یەی ناومان ناوە نیشتمان سەیرو سەمەرەی زۆرە ئەم بەسەرهاتە جدی و ڕاستە ئەفسانە نی یە بەڵام بەتامی ئەفسانە هەزمم کردووە چونکە هۆش و بیرم نایبڕێ ووڵاتێکی ئاوا بە ڕاستی هەبێت کارەکانیان لە هۆشی هۆشمەندێکدا زۆر زەقن زۆر نابووت و ناشرینن.. هەموو شتەکان کارەکان فەرمانەکان سەیروسەمەرەن بینین و گوێ لێبوونەکانیش ئاوەژوو پێچەوانەن بۆیە منیش وەکو چیرۆک بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە چونکە ئەم سەهۆڵاوو شەختەی ویژدانە تەنها نێندرتالیش نەیبووە کە چوار ملیۆن ساڵ پێش ئێستا بوونیان هەبووە لەو ناوچەیە. لەوانەیە بپرسین و بڵێین خودایە دەبێ ئەم مەملەکەتە چی بێت؟. تۆ بڵێی مەملەکەتی دێوو درنجان نەبێت؟. بەڕاستی ئەم شەختەی سەرماو ژیانە ئەم وێرانەی بەناو نیشتمانە هێند کەلەو جەستە تەزێنە هەتا خوداوەندی جوانی دەڵێ بەس. ئەم نیشتمان و نەتەوەیە خۆشەویستی و عەشقی پێ عەیبەو حەرامە کارخانەی خەندە تۆراوەکانی وەفاو دنیای ناسۆرو نابەرائەتی ناخی ناپاکی و ناعاشقانەی پیاو سالاری دەسەڵات و میرە لەوێ و لەو دنیا جیاوازەی ئادەمیزاددا مرۆڤ خودای مرۆڤە پیاو خودای ژنە. لەم جیهانی پێشکەوتنەدا هەر ڕۆژەی سەردانی ئەستێرەیەک دەکرێ و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوێنێش سەهۆڵیان لەمەریخ دۆزی یەوە و چارەسەری پیسترین نەخۆشیش کەسەرەتانی مەمکە دۆزرایەوەو ناوی دەرمانەکەش (تامۆکسیفین) ە کەچی شەرم نەماوە لەو گۆشەی کەلاوە ڕوخاوەی لای ئێمە تازە بەتازە مۆدێلی میرو بەگ و ئاغایە. میر بەسەر کێوە؟. ئاغا بەسەر کێوە؟. بەگ بەسەر کێوە؟. هەموویان مێردن هەموویان جانەوەرن هەموویان دەسەلاتن خوداوەندی نێرینەن بەسەر ئافرەتانەوە. ئەوە بۆ لەوێ ئەوێ ڕۆژێ زاڵمێک هەبوو کەڵەگایەک هەبوو پیاوێکی تاکڕەوی دەسەڵات هەبوو کە ناوی سەدام بوو ئەم میرو ئاغاو دەرەبەگەی ئێستا کە کەر نایانکێشێ هەمووی بەدووای خۆیەوە ڕاپێچ کردبوون و بوو بوون بە پیاوی و ئەوەیشی بیووتیایە لەل گوێی لەبنا دەردەهێنا ئەوێ ڕۆژێ ئەم پیاوانەی ئێستا فسفس پاڵەوان بوون کەچی ئێستا بکوژوو ببڕو دەسەڵات خۆیانن. کەسێک نەبوو لەو دەڤەرە تاریکە قەیدو زنجیری کۆیلایەتی بپچڕێ یان ئەو کلتورە سەقەتە بگۆڕێ یان خێری نزیک بوونەوەی ئاینەکان بزانێ نەخێر کەس ئەو کارە باشانە نەکرا تەنها بیری خراپەو مرۆڤ کووشتن کرا. مرۆڤەکانی پاشماوەی جەنگی مەغۆل و تەتەر لەوێن لەو دەڤەرە سامناکەی کە خاک و جادەوبان و کۆڵان و سەربان و بن بانیان هەمووی خوێنە. ئەو گوندە دەڵێی خۆڵی مردووی کراوە بەسەرا موختارو پاڵەو ڕەنجدەرانی هەموو نوستوون حاڵی نین لە بزەو خەندەو پێکەنین و گریان زۆر سەلامەتیش پیاون لە مردن و کووشتن چونکە ئەم مەمللەکەتە تەنها ژن دەکووژن کچ دەکووژن ئافرەت دەکووژن. ئای لەو بیابانی زووڵمە هەمیشە خەندەیانە بۆ تەور هاویشتن، سەرەیان گرتووە بۆ گازگرتن و چرنووک و قەپ و زلەو شەق و تێهەڵدانی یەکتری.. بەتەنها نرخاندن و جوانی مرۆڤ لەوێ وونە ئیدی هەموو جۆرە کووشتنێک یاساغ نی یە ئەوەی قەدەغەیە ئەوین و عەشق و خۆشەویستی یە. ئەم گوندی کونە پەپووە چیرۆکی عەشقێکی پاک وای لێکردن تەفروتوونای کردن وای لێکردن ئابڕویان نەمێنێ لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایە.. خەڵکی ئەم دەڤەرە لەهەموو شوێنێ بەرد باران دەکرێن پیاوانی ئەم ناوچەیە لەهەموو شوێنێک ڕسواو سووک و سەفیر دەکرێن. دەزانن بۆ چونکە پەپوولەیەک هات و تەمەن کورت زۆر کورت بەڵام بەڕوونی پێی ووتن: ئێوە ئەی پیاوانی هۆزەکەم بەربەرن ئێوە مرۆڤ نین لە پێش هەمووتانەوە باوکی خۆم. ئەو پەپوولەیە تەمەن کورت بوو بۆیە لە نیشتمانێکدا لەدایک بوو هێشتا چرۆو خونچە چەکەرەیان نەدی بوو بەخۆیانەوە لەوێ بۆ ئەوەی گووڵەکان ئاڵترو خەوەکانی خواناسییان ئەهوەنترو مرۆڤبوونییان بەرزترو تەوێڵە تاریک و مرومۆچەکانییان کاڵ و پەمەیی ترو هۆش و بیرە ڕزیوەکانییان باشترو جوانتر بن خوداوەندی جوانی دوعای پێ بەخشین دوعا کە دەیویست هەموویان ڕزگار بکات لەو تاریکی و جەنگ و تووڕەبوونە دەیویست وانەی پێکەوە ژیان و خۆشەویستییان پێ بڵێتەوە کەچی مخابن ئەو داڵە کەرخۆرو مەیمونانە شەهیدییان کرد. ئیدی لەو ڕۆژەوەو ئەو غەدرە گەورەیەیان لەو کچە منداڵکارە کرد کە تەمەنی 17 ساڵ بوو خوا غەزەبی لێ گرتن و لە هەموو جێیەک و شوێنێک ڕەجم دەکرێن دەردەکرێن بەردباران دەکرێن چونکە ئەوان ئەوێ ڕۆژێ پەپوولەیان بەردباران کرد چونکە ئەوان ئەوێ ڕۆژێ عەرشی خوداوەندو ویژدانی مرۆڤایەتییان جولاند. ئەم ڕۆمانی بەزەیی و کارەساتی غەدرە بۆیە لەوێ ڕوویدا هەتا ڕەوشتی پیاوانی خۆ بەکەڵەگا زان و خۆ بە نێرەکەرو حەیتە زانەکان بگۆڕدرێن و تورەبوون و ناحاڵێتی بوون و ژیان و ئاین و کلتوری سەقەت هەتا دەستییان دەگاتێ تووڕ و برکی بدەن. بۆیە لە مەملەکەتەکەی دوعا خان خۆشەویستی و عەشق و بەزەیی و مرۆڤ دۆستی حەرام بوو چونکە دێوو درنجەکان لەبەرگی مرۆڤدا هەناسەی پیاو سالاری و ژیانی سەرتۆپکی بەختەوەری پیاوان پیادە دەکەن و پیاوانی ئاینی و ئاغاو شێخ و دەسەڵاتیش هەر پیاوانن.. !. ئەو پیاوانەی کەبەرامبەر پیاو ناوێرن بکۆکن کەچی بۆ جەستەی بێ هێزو منداڵکاری شەهید دوعا چەند فسفس پاڵەون بوون و چوبوونە بەرگی مەیموونەوە. ئەوێ ڕۆژێ غەدر وای لە کوچەو کۆڵانەکانی ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مەمللەکەتە کرد لەباتی بارانی ڕەحمەت خوێن ببارێ تەور ببارێ بەرد ببارێ خەڵکی باش و هەژاری دۆستی مرۆڤ دۆستان و خەڵکی عاشقی ژیان و دنیاش دەستییان بە ئاسمانەوە بوو لە خوداوەندی ڕەحم و جوانی لە خوداوەندی سۆزو بەزەیی دەپاڕانەوە ڕەحمێ بە دوعا بکاو چەمۆڵەیەکی غەزەبیش بۆ گورگەکانی دەوری دوعاو ئەم مەمللەکەتی ئۆقرە لەبەرهەڵگیراوە بنێرێت.

*پێشکەشە بە شەهیدی عەشق و مرۆڤ دۆستی و خۆشەویستی و پێکەوە ژیان دوعا خان.

م.حەمید عەزیز
Hamid773@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.